Dengekan

# سێبەرێکی تر

دوو هەفتەجارێك (کامەران سوبحان) لە ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ دەینوسێت.

## مەرگی نوخبە

لە زۆربەی کایە ڕۆشنبیرییەکانی وڵاتی ئێمەدا نوخبە و دەستەبژێر لەبەردەم ئەگەر نەمان و کاڵبونەوەدان و زۆرجاریش لەبەرامبەر شەپۆلی زۆرینەدا بە چۆکدادێن.

ململانێی نێوان نوخبەو زۆرینە یان کەمینەو زۆرینە فەلسەفەیەکی گەورەی لە پشتەوەیەو ڕەنگە فەلسەفەی ئەم ململانێیەش لای (ئیپسن) زۆر بەجوانی شیکرابێتەوە، بەوەی لە پەیامی شانۆنامەی (دوژمنی گەل) دا، بانگەشەی ململانێی نێوان زۆرینەو کەمینە دەکات و ئەو فەلسەفەیەمان پێدەڵێت کە "مەرج نیە هەمیشە زۆرینە لەسەر حەقبن، زۆربونی چینێك مانای زۆربونی حەقیقەتی ڕەها نایەت."

سروشتی کاری هونەرییش هەوڵی دەستەبژێرێکە بۆ بەدەستهێنانی بنەمایەکی جوانکاری، چونکە سروشتی ژیان هەروابووە نوخبەیەك هونەر بەرهەم دێنن و زۆرینەیەك چێژی لێدەبینن، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا ئەم حاڵەتە بە تەواوەتی پێچەوانەبوەتەوە، بەجۆرێك بەردەوام هونەرمان وا سوك و ئاسانکراوە کە هەموو کەس دەتوانێت بیکات، ئەمە پێچەوانەی ئەو وتەیەکی (میخائیل نۆرسکی)ە یە کەدەڵێت (بەرهەمی هونەریی ئەو بەرهەمەیە کە هەموو کەس ناتوانێت بیکات، تەنها کەسانێکی دیاریکراو نەبێت، کە نوخبەیەکی ڕۆشنفکرن)، ئەمە هەروەك چۆن زانستی ئەندازیاری و پزیشکی و زانستەکانی تریش هەموو کەس ناتوانێت بیکات و تەنها نوخبەیەکی پسپۆڕ بەوکارە هەڵدەستن، هونەریش بە هەمان شێوەیە و تەنها کەسانێکی دیاریکراو دەتوانن ئیشی تێدا بکەن، هەروەك لای ئێمە هەمووکەس لە کاتی بێ تاقەتیدا دەتوانێت گۆرانی بڵێت و خۆشی بە هونەرمەندی پلە یەك دەزانێت، هەندێ کەس وادەزانێت، تەنها لە خۆڕسکیەوە بتوانێت وێنەیەك بکات ئیدی شێوەکارە، خۆباسی شانۆ ناکەم کە بەڕاستی لەم وڵاتەدا هێندە بوتە کارێکی جەماوەری هیچ مۆرکێکی نوخبەی پێوە نەماوەو هەموو ڕێکخراوو پارت و سەندیکایەکیش بەشی شانۆیان هەیەو وا دەزانن ئەوەی تۆزێك توانای لاسایکردنەوەی هەبێت ئەوە ئەکتەرێکی باشە!

گەر بە دوای ڕەگی ئەم حاڵەتەشدا بگەڕێین ڕەنگە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە سەرەتاکانی ئەم هونەرە لە بیستەکانی سەدەی ڕابردودا کە سەرەتای ئەم هونەربووە وەك پیشەیەکی قۆشمەبازی هاتوەتە وڵاتی ئێمە، بۆیە ڕەنگە هەروا ئاسان نەبێت ئێمە ئەو حاڵەتە لەم پیشەیە دابڕنین، ئەو باوەڕەش دروست بکەین کە شانۆ چالاکیەکی نوخبەویەو پێویست ناکات فەیلەقێك ئەندامی موشەخۆری لەدەور کۆبکرێتەوە، هەروەك ئەوەی ڕێکخراوە هونەرییەکان سەدان ئەندامی شانۆیان لەشارەکاندا هەیە، بەردەوامیش لەناو ئەم ڕێکخراوە هونەرییانەدا کەسانی نوخبە ونەو جێگەی نابێتەوە، چونکە پەیامی نوخبەو ڕێکخراوە هونەرییەکان جیاوازە، یەکەمیان کار بۆ دروستکردنی هونەرێکی نوخبە دەکات و دووەمیشیان کار بۆ هونەرێکی جەماوەری باو دەکات.

تائێستاش بیرکردنەوەیەك لە هزری سەندیکا هونەرییەکان و تیپە شانۆییەکانی ئێمەدا ماوە کە وادەزانن تا ئەندامیان زۆربێت ئەوا زیاتر ڕەوتی شانۆ بەرەو پێش دەچێت، هەر لەبەر ئەوەشە لە ناو لیستی ڕێزلێناندا بەهەردوو ئیدارەکەوە نزیکەی 1000شانۆکار موچە وەردەگرن، بە بێ ئەوەی لە ناو ئەو ژمارەیەدا چارەکێکیان لە ماناو فەلسەفەی ئیشەکەی خۆیان تێبگەن!

ئەم حاڵەتانە ئەوەمان پێدەڵێن ئیدی نوخبەی هونەریی لای ئێمە لە ئاوابوندایەو کەمینەیەك خەریکی شانۆیەو زۆرینەیەکی تر بە ناوی شانۆوە قسەدەکەن.

kameransubhan@yahoo.com